کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:36 11-11-2007

## لەچیاکانەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان ... ئەرسەلان مەحمود

دوای چنینەوەی بەرئەنجامەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیاو گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن



پارتی عەدالەت، لەهەر کاتێك زیاترو بەکردەوە لەپێناو داپۆشینی ئاریشەو جۆرێك لەشکست خواردوویی فاکتۆرە ئابووریەکان و مەترسی سەرهەڵدانی بیرو پلانی ڕیفۆرمکردنی دامەزراوە دەوڵەتیەکان لەلایەن پارتی دەسەڵات بەدەستەوە، ژنەراڵەکانی سوپای تورکیا دەیانەوێت مەرجی کردەوەو هەڵکردنی باهۆزی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەسەر دەوڵەتەکەیاندا بسەپێنن، هەڵبەتە ئەم بیرو هزرو دەرهاویشتەیە بەدرێژای مێژوو بۆ ئەوان گرنگ نەبووەو نییە ئاخۆ دەوڵەتەکەیان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەو کاردانەوەی سیاسی نێودەوڵەتی و کۆمەڵایەتی یان چجۆرە دارمانێکی ئابووری نێوخۆیی دەبەنەوە، ئەوان بەئاشکرا گووتوویانەو بەردەوامیش دەیڵێنەوە کە نەگوی لەکەس دەگرن و نەپرسیش بەکەس دەکەن بۆ جێبەجێکردنی مەرام و بەتایبەتیش ئەو جۆرە پەلامارانەی دواجار لەپەرلەمانەکەیانەوە بڕیاریان پێ وەرگرتووە، بێگومان هەر هێزو دەسەڵاتێك لەپێناو هێشتنەوەی هەیمەنەی نەگۆڕی خۆی هەڵگری بیری فراوانخوازی و خۆبەزۆر زانی بێت بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا جگە لەوەی خەوبینینی فراوان بۆ وڵات و بۆ گەلەکەی خۆی یاساغ و قەدەغە دەکات، وەك ئەوەی کەئێستاکە هەیەو بگرە دژوار تریش ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژیاریش لەناوچەکەدا بەگشتی دەخاتە ژێر پرسیارو نادیاری ڕێگای نەهاتەوە، ئەمەش ئەوەندەی ئایندەی ژیانی دیموکراسی لەو وڵاتەکەیدا دەخاتە ژێر باری گومان و مەترسی ڕاستەقینەی ئەوتۆ کەدەرئەنجامگەلێکی نێگەتیڤی لێبکەوێتەوە هێندەش پێگەی وڵاتەکەی لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا پاشەکشی پێدەکات، ئەم حەقیقەتەش تەواو لەنیەت و نیازو هەڵوێستی سوپاو سەرانی کۆماری تورکیا ئەمڕۆ ڕەنگی داوەتەوە بەوەی کەدەیانەوێت سنوری وڵاتانی تر ببەزێنن و شەڕ لەماڵەکانی خۆیانەوە بگوازنەوە بەر هەیوانی ماڵ و حاڵی گەلانی تر، ئەوەش چەند هێماو ئاماژەیەکی سەلمێنەرێکی بی چەندو چۆنی ئەو حەقیقەتەن کەئەوان خاوەنی هیچ جۆرە پرۆژەو ڕێگا چارەیەکی سیاسی و ئاشتیانە نین و دەیانەوێت لەسەر حساب و بەرژەوەندنی گەلانی تر عومری مانەوەی بیری باویان و درێژەپێدانی هزری پاوانخوازی درێژە پێبدەن، ئەگینا وەك ئەوەی هەموو سەرچاوە فەرمی و میدیاکان ئاماژەی پێدەکەن دەولەتی تورك ئێستا لەبری گرتنەبەری پەلامارو ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی بۆ ڕزگار کردنی وڵاتەکەیان لەو قەیرانانەی کەتێیکەوتوون، ئەوەندەی پێویستی بەگەڵاڵە کردن و کاملکردنی دامەزراوە سیاسی و کولتوری و کرانەوەو گرتنەبەری گونجاوترین ڕێوشوێن و ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان هەیە بەپێچەوانەوە هەر جۆرە کردەوەو ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەژێر هەر بڕو بیانوێکدابی بەر لەهەر شتێك لەبەرژەوەندی خۆی دانییە..

لەتورکیادا وەك ئەوەی (مەنال لوتفی) لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (تورکیا لەئەتاتورکەوە بۆ ئەردۆغان) پشانی داوە"ئەو وڵاتە خاوەن ناسنامەی جیا جیایەو هەر شارێك جوگرافیاو مێژووی کەسایەتی خۆی هەیە، گەلانی تورکیا ئەوەندەی شانازی بەئەورووپایی بوونی خۆیانەوە دەکەن هێندە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:36 11-11-2007

بۆ باکگراوندە جۆراو جۆرەکانی تریان ناگەڕێنەوەو هەبوونی جیاوازی ناسنامەی ئەوروپایی و ئیسلامی و خۆرهەڵاتیش بەبڕوای مەنال بەتایبەتیش لەم دوومانگەی ڕابووردودا پرس و ناسنامەی کۆماری ئەو وڵاتەی خستۆتە بەردەم ململانێی نێوان ئیسلامی و عەلمانیەکان و نێوانیانی گرژو لەهەرکات زیاتر گەرم و پڕ کێشمەکێشم کردۆتەوەو مەنال پێی وایە ئەو دەرئەنجامە نێوخۆیی و دەرەکیانە دواجار وەك ئەوەی دەبیندرێت تورکیای خستبێتە بەردەم زریانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست" لێرەوە دەردەکەوێت وێڕای پاڵنەرە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەو وڵاتە، سوپای تورك نەدەخوازی بڕواتە ژێرباری ئەمریکاو لەپەراوێزی گێرمەو کێشەی بوونە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا هەڵسوڕی و نەبەپێکهاتەی دەوڵەتێکی ئیسلامیش لەو وڵاتەکەیدا ڕازییە، لەهەمانکاتیشدا دەیەوێت بەر بەئێران لەهەمبەر دەرکەوتنی وەك هێزی سەرەکی لەناوچەکەدا بگرێت، چونکە مەترسی ئەوەشیان هەیە ئێران ئەو پێگەیە بۆ خۆی جێگیر بکات لەناوچەکەدا، کەوابی ئایا تورکیا بەو حاڵ و ئەحواڵەی کەهەیەتی دەتوانی دواجار لەو ڕێگایەوە گرەوەکە بەرێتەوەو تاسەر وەك ئەوەی دەیانەوێت درێژە بەمانەوەی شکڵ و ناسنامەی دەوڵەتەکەیان بدەن، بەبڕوای زۆرێك لەچاودێرانی سیاسی بێگومان نەخێر، چونکە هێشتا وەزیفەکانی چاودێریکردن و سنورداركردنی فێرکردن و قەیدو بەند کردنی ئازادیە مرۆییەکان لەو وڵاتەدا برەویان پێدەدری و ڕێگا نادرێت وەك ئەوەی تەندروستەو دەشی شێوە ڕێکخستنکی مەدەنی و سەردەمی بەخۆیەوە ببینێت، لەلایەکی تر کۆمیسیۆنی ئەوروپا لەنوێترین لێدوانیداو لەسەر زاری (ئولی ڕێن) کۆمیسیاری بەرپرس لەفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بەچانسی بوونە ئەندامی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا دەڵێت" دوای گێرمەو کێشەکانی هەڵبژاردنی پارتەکان بۆ نوێنەرایەتی میللەتی تورکیا لەپەرلەمانی وڵاتەکەیاندا و ئاڵۆزبوونی ئەو پەرلەمانە لەکاتی کاندیکردنی عبدوڵا گیول بۆ پۆستی سەر کۆماری، پێویستە ئەو وڵاتە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن زیندوبکاتەوەو جارێکی تر بەرەو ستانداری ئەوروپایی هەنگاوەکانی توند بکاتەوە" ئەمەو سەرۆکی پەرلەمانی ئیتاڵیاش لەدوا دیداری لەگەڵ عبدوڵا گیول دا ڕاگەیاند تاکە فاکتۆری چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا بۆ تورکیا جیاوازی نەکردنیەتی لەنێوان هاوڵاتیانی تورك و کوردا" کەواتە وێڕای گرتنە بەری ئەو چاکسازیانەی لەپێشەوە باسمانکرد هێشتا تورکیا پێویستی بەوە هەیە چاکسازی ڕیشەیی لەبوارەکانی ئازادی ڕا دەر بڕین و مەسەلەکانی پەیوەست بەبوارەکانی سزادان و ڕێزگرتن لەپێکهاتە نەتەوەییەکان لەوڵاتەکەیدا بکات، کەواتە دەوڵەتی تورکیا خۆیان پشکی هەرەسەرەکی و گەورەی خستنەوەی ئەو ئاریشەو تەنگژە سیاسیانەن کەخستویانەتەوە لەنێوخۆی وڵاتەکەیان و لەناوچەکەدا، ئەوانن لەسەریان پێویست دەکات بیر لەرێگە چارەی سیاسی و ئاشتیانە بکەنەوە نەك لایەنی بەرامبەر کە ئێستا بەناوی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە ناوزدە دەکرێت، ئاریچەی خستنە سەرپشتی ئەو دەروازانا لەمشتی تورکیا دایە نەك لایەنی کوردی، تورکیا تاسەر ناتوانی هەبوونی نوێنەرایەتییەکی کوردی سنوردار کراو لەپەرلەمانە گوشار دراوە سەربازیەکەیاندا وەك پشاندانی دوا چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا و هەبوونی ماف و ئازادی وەك یەکی لێرەو لەوی یاری پێبکات، چونکە ئەگەر پەڕلەمانێك وجودی بۆ داکۆکیکردن لەپرسی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لەو وڵاتەدا بەشێوەو شێوازێکی دانپێدانراو ڕاستەقینە هەبێت بێگومان پارتی کرێکارانی کوردستان و لایەنی کوردی خوازیاری ئەوەنین ژیان و تێکۆشانی خۆیان لەشاخ و ئەشکەوتەکانەوە درێژە پێبدەن، ئەوان هەڵگری پرسی میللەتێکن لەو وڵاتەداو خوازیاری پێکەوە ژیان و هەڵکردنی شنەبایەکی ئازادو مەدەنی و کەشی دیموکراسین، ئەوە تورکیا دەتوانی لەهزرو پلانی ڕەگەز پەرستانەو بیری پاوان و فراوانخوازی دابەزی و لەڕێگەی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی ئاشتیانەوە وا بکات پارتی کرێکاران لە ئەشکەوت و چیاکانەوە بهێنێتەوە نێو هۆڵی پەرلەمان، تورکیا هەنگاوێکی عەمەلی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:36 11-11-2007

و بابەتی لەو چەشنەی هەڵنەگرتووەو ڕانەگەیاندووە تا پارتی کرێکارانی کوردستان لای لێدابی و ڕەتی کردبێتەوە، درێژەدانیش بەم ڕێڕەوە ئاڕاستەی کارلەسەر کردنە نەتورکیا لەقەیراناوی نێو خۆی ڕزگار دەکات و نەدەیباتەوە ئەو ئاست و پێگەیەی پێشبڕکێی لەسەر دەکەن، هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرایەو دواجار تورکیا بۆیان نالوی لەڕێگای تێوە گلاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بالانسی نیەت و نیازەکانیان بەرەو شوێنەونکردنی حەقیقەتەکان وەڕێخەن، هێوربوونەوەی بارودۆخەکەش بەڵگەیەکی تری ئەو ڕاستیانەن کە هەڵوێستی حکومەت و بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا هێندەی دەرئەنجامی نەگونجان و لێك ترازانی قەوارەی دامەزراوە دەوڵەتیەکانی ئەو وڵاتە دەسەلمێنن ئەوەندەش جیاوازی و لێك نەچوونی تەرازووی هێز لەنێو خۆیاندا دەر دەخەن..

Amk974@yahoo.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.